# راگەیاندن

## دامەزراندنی فراکسیونی چەپ لە ناو حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراقدا

(بلاو کردنەوەی ئەم بەیانامەیە پیشاندانی هەڵویست و تێروانینی سیاسی ئێمەیە بەشێوەی عەلەنی دانانێتی لە ئیختیاری گشت کۆمەڵگادا، ئەمە بەهیچ جۆریك مانای چونە دەرەوەی ئێمە نیيە لە حیزبدا، و جارێکی تر سووربوونمان لە سەر پاراستنی یەکێتی و یەك پارچەی حزب رادەگەیەنین)

بە دوای بڵاوبوونەوەی بریاری کوتوپڕی مەکتەب سیاسی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عیراق و لایەنگری لە باڵی جیابووەوە لە حزبی کۆمۆنستی کریکاری ئیران و دوای دامەزراندنی حزبی بەناو "حکمەتی"، و دژایەتی کردنی حزبی کۆمۆنستی کریکاری ئیران کە هاوپەیمانی ستراتیژی حزب بوو، بەبێ بەشداریکردنی ئەندامان و کادرانی حزب لەم بڕیارە خەتەرناکە، وبەبێ بوار رەخساندن بۆیان تا ئاگاداری ڕووداوەکان بن، وە بەبێ دانی لانی کەمی بەڵگەی سیاسی ئۆبژکتڤ .ئێمە کۆمەڵێك کادرو ئەندامی حزب راگەیاندنیکمان دا لە ژیر ناوی "هەڵوێستیکی تر دەربارەی جیابوونەوە" .کە تێدا جیاوازی خۆمان لەبەرامبەر بڕیاری مەکتەب سیاسی لە تەئید کردنی حزبی تازە پیکهاتوو بەیان کرد، ڕامان گەیاند دریژە بە هاوپەیمانێتی خۆمان لەگەڵ حککا دەدەین، و روونمان کردەوە کە هیچ ئاڵوگۆڕیك بەسەر سیاسەتەکانی حککا نەهاتووە تا پاساوی هەڵویستگیری حککع بکات .ئەم هەڵوێستە سیاسیە جیاوازەی ئیمە زیاتر شکڵی گرت دوای دامەزراندنی "فراکسیۆن" لەناو حککع دا، کە پیکهاتبوو لە بیست کادر و ئەندام و تەبەنی

خەتێکی سیاسی پیچەوانەی خەتی رەسمی حزبی کرد، لە پەیوەند بە حککا و ئەو ئاڵوگڕانەی بەدوای ئەم بڕیارەدا هاتن.ڕامان گەیاند کە ئەم بڕیارە مەترسی نەك تەنها لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنستی کریکاری  لە عیراق و ئیراندا بەلکو لەسەر بزووتنەوەکە لەسەراسەری جیهاندا دادەنێت .

بەیانی" فراکسیون"بەشیوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە لەناو ریزەکانی حزبدا،پلاتفورم و ئەرك و وەزایفیکی مەبدەئی کەدەکەویتە سەرشانی ئیمە لەبەرانمبەر ئایندەی حزبدا راگەیاند، ئەو راستیەمان روونکردەوە  کە فراکسێون چوار چێوەیەکی گرنگە بۆ درێژە دان بە یەکپارچەیی حزب، لە سایەی ئەو ئالوگۆرە تازانەی بڕیارەکەی مەکتەب سیاسی هینایە کایەوە. گەیشتنمان بەو سەرنجامەی کە ئەو بریارەی مەکتەب سیاسی ڕیڕەوی بزووتنەوەکە دەگۆری بەرەو لایەکی تر. بۆیە پەیگیرانە ڕامان گەیاند دیفاع لە خەتی کۆمۆنیزمی کریکاری و ئاڵای منسور حکمت و سۆشیالیزمە شۆرشگیرانەکەی، لەبەرامبەر هەر دەستیوەردانێکدا بە ئەرکی خۆمان دەزانین .

ڕابەڕایەتی حزب لەبەرامبەر ئەم هەڵویستەدا بیدەنگ بوو، هیچ روونکردنەوەیەکی سیاسی جددی نەداو بەڵکو بە دووبارە کردنەوەی تاوانبارکردن بە پێشیلکاری تەشکیلاتی و حزبی ئیکتفای کرد .

لەم ئەمڕۆوە روو بە کۆمەلگا فراکسیون لەژیر ناوی "فراکسیونی چەپ لە ناو حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق" دا رادەگەیەنیین.وە هەوڵدەدەین رۆشنایی بخەینە سەر ئەم خالانەی خوارەوە :

## یەکەم : هەڵویستی سیاسی ناشۆڕشگیرانەی باڵی جیابووەوە لە حککا

باڵی مونشەقی ناو حککا هەر لە سەرەتاوە و بەدیاری کراوی بە دوای کۆچی دوایی رابەری حزب "منسور حکمت"دا نزیکەی دوو ساڵ لەمەوە پێش، ستراتیجیەکی سیاسی نا شۆرشگیرانەو دژی کۆمۆنستی کریکاری کە لەلایەن

هاوری کۆرش مدرسیيەوە تەرح کرابوو پیادە کرد. وە بەوە پاساو دراوە کە ئەم ستراتیجە "ئیجتهادات"و"تیروانینی"یکی پشت بەستووە بە تەرحەکانی منسور حکمت"حزب و دەسەلاْتی سیاسی". ئەم ستراتیجە لەلایەن حزبی تازەوە کە ناسراوەبە "حکمەتی "بە تەواوی قبولّ کرا،لە چەند رۆژی رابردوودا لەبەیانی کۆنفرانسی یەکەمی کادرانیاندا رایانگەیاند.

فراکسیۆنی چەپ ئەم ستراتیجە بەسیاسەتی تەحریفی و ئۆپۆرتونیستی دەناسینی کە دەیەوی گەیەشتن بە دەسەلاتی سیاسی لە ئیراندا لە ریگەی تاکتیکی هاوپەیمانیتی لەگەل بۆرژوازی و دەنگدانی گشتی و پەرلەمان و بەستنی پەیمانی سەرو خەلْکی لە گەلّ بۆرژوازی و دوور کەوتنەوە لە مەسەلەی شۆرش لە ریگای ریکخستنی جەماوەریەوە یەکلایی بکاتەوە .خەتی "عصیانی مەدەنی" پیادە دەکات و بە "مەدەنیەت"وسفی دەکان. لە جیاتی نارەزایەتی و ئیعتراز کردن و شۆرشی کۆمەلاْیەتی "نامەدەنیانە"!!.. دبلۆماسیەت پیادە دەکات. لە جیاتی تێزی شۆڕشگێرانە تێزەکانی وەك" جەماوەر سۆشیالیزم قبولّ ناکات" و "خەلْك لە سۆشیالیزم دوور دەکەویتەوە"و "تەحقیقی سۆشیالیزم ئیستا ممکن نیيە"  "دواتر"، وا بەیان کراوە کە تێزی جددین بۆ گرتنی دەسەلاْت، کە بە تەواوی روودانی شۆرش لە ئیراندا لە دژی جمهوری ئیسلامی رەت دەکاتەوە لە ئێستادا، وە ئەگەریش رووبدات ئەوە شۆرشی" دیموکراتیکە".

نەهجی تەرحەکانی ئەم بالّە نەهجیکی سیاسی ملکەچانەیە(تخازلی)و خەریکە بەتەواوی لەگەلّ خەتی مەنشەویکی بۆرژوا ریفۆرمیستیدا دیتەوە .

ئەمە هەولّیکی ئیجتهادی نەبوو بۆ نەخشە کێشانی ستراتیژیەکی پراتیکی بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی،وەك ئەوەی ئەم بالّە ئیدعای دەکات و دەیەویّ قەناعەت بە جەماوەر  بکات،بەلْکو مەنهەجێکی جیکەوەتەبوو کە لە ماوەی دوو

**سالی ڕاپڕدوودا چەندان جار خۆی پیشان دا، هەوڵێکی سازشکارانە بوو بۆ بەلاریدابردنی سیاسەتی حزب بەرەو یەك مەیلی سازشکارانە.**

## دووەم:مەنهەجی رووخێنەری باڵی مونشەق لە ماوەی کێشمە کێشە دەروونیەکانی حککا

**باڵی مونشەق لەکێشمە کێشە دەروونیەکانی جزب دا مەنهەجیکی رووخێنەری و تەسفەوی پیادە کرد، ئەم نەهجە زۆر بە رۆشنی لە بەیانی 21 ئەندامی کۆمیتە مەرکەزیدا کە نێیرا بۆ لیدەری حزب حمید تەقوایی خۆی پیشان دا.کە تێیدا هەرەشەیەکی بێپەردەیان لە حزب کرد، رایانگەیاند جیادەبنەوە ئەگەر تەرحە سیاسیەکانیان "قبول" نەکریت بۆ کۆتایی هاتنی قەیرانی حزب لە پلنیومی پێشنهاد کراودا. دواتر ئەم باڵە ئینشقاقیە پاشەکشەی لە تەهدیدەکەی کرد ، پیادەی تەرحیکی خۆگونجاندنی کرد بە هیشتنەوەی هەمان ناوەرۆکی تەرحە تەحریفیەکانی.**

**فراکسیۆنی چەپ، بەیانی 21 ئەندام و گشت هەڵویستی باڵی مونشەق بە هەڵویستیکی داڕووخێنەرو دژ بە یەکپارچەیی حککا دادەنێت، و مەسئولیەتی ئینشقاقەکە بە تەواوی دەخاتە ئەستۆی ئەوان،هەڵویستیان پێش وەخت داڕووخانی حزبی کردبووە نیشانە،بەبێ لەدەستدانی وەسائلەکانیان بۆ دریژە دان بە ووجودی خۆیان لە ناو حزبدا.**

**بەیان نامەی 21 ئەندام بەڵگەیەکی مێژوویی مەحکوم کردنی ئەم باڵەیە.بۆ دوورخستنەوەو وەلانانی ئەم بەڵگەنامە خەتەرناکە لە بەر دەستی کادر و ئەندامانی حزبدا ڕابەڕایەتی حککع ریگری کرد لە ئاشکرا بوونی و ئیشارەت پیکردنی لە ناو ریزەکانی حزب دا، ئەمە جگە لەوەی بۆ یەك چرکەش ئیدانەیان نەکرد.**

## سێیەم: تەحریفیەتی باڵی مونشەق لە کۆمۆنزمی کرێکاری

دوای جیابوونەوەی مونشەقەکان، حزبە تازە پیکهاتووەکەیان لە یەکەم کۆنفراسدا بڕیاریکی ستراتیژی تازەی پەسەند کرد کە بەردەوام بوونیان پێشان دەدات لە سەر هەمان نەهجی سیاسی پێش جیابوونەوەیان. بەندی یەکەمی بریارنامەکە دەلی" ئامانجی یەکەم و دەست بەجێ و راستەو خۆی حککا_حکمەتی دەست ڕاگەیشتنە بە دەسەلآتی سیاسی،ڕاگەیاندنی حکومەتی سۆشیالستی و رێکخستنی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کریکار، بۆ ئەمەش رووخاندنی جمهوری ئیسلامی دەخوازێت".

ئەمە بەڕۆشنی بەشێکە لە دەزگایەکی فکری تەحریفی، کە مەسەلەی شۆرش پیچەوانە دەکاتەوە،لە جیاتی ئەوەی شۆرشی جەماوەری مەرجی ئۆبژکتیڤ بیت بۆ دەست را گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی، بە عەکسەوە شۆرش دەبیتە پاشکۆی بەدەست هینانی دەسەلآت، هەروەها جێ گۆرکێی چینی کریکار و حزب و لە ریگای ناولێنانی دەولەتی تازە بە دەولەتی حزبی کۆمۆنستی کریکاری!!

ئەم تەحریف کردنانە شتێکی سروشتی‌یە لە حزبیکدا کە قەناعەتی بە شۆرش و هەلتەکاندنی دەولەتی ئیسلامی وەك پارێزەری چینی سەرمایەدار لە ئێران و ڕاگەیاندنی جمهوری سۆسیالستی نەبێ،بەلکو هەولبدات " دەستی بگات بە دەسەلآت" لە رێگای دبلۆماسی وبەندو بەست و پەیمان بەستنەوە . جەماوەر بکاتە هێزیکی خەوتوو و لە چاوەڕواندا لە ڕووداو و کێشمە کێشە حزبیەکان کە لە پشتی سەریانەوە تێ دەپەرێ .ئەو موقولەیە رەتدەکەینەوە کە رەخنەی ئێمە لەو مەنهەجە بە"رەخنەی ئایدیولۆجی و چەپڕەوانە ...هتد" دەداتە قەلەم. پێمان وایە سیاسەتی حزبی تازە پێکهاتوو بە گشتی تەحریف کردنی کۆمۆنزمی کریکاریە، و بەرگی "حکمەتی" لەبەر کردووە لە پێناو هەلخەلەتاندن و پاساو کردنی بوونی سیاسی خۆێ، ئەم ئیستراتیژە

داتەکاندنی ناوەڕۆکی مەنهەجی منسور حکمەت کە دەڵی"سۆشیالیزم هەر ئێستا"ی کردووەتە نیشانە.

لەمیانەی ئەم واقعیەتانەوە، روون دەبێتەوە کە جیاوازی ئێمە لە گەڵ رابەرایەتی حککع دا جیاوازیەکی سیاسی ڕیشەیی‌یە . ئێمە هەڵویستی رابەرایەتی حککع لە پشتیوانی کردنی حزبی تازە پیکهاتوو بە هەڵوێستیکی ڕاستڕەوانە دەزانین لە ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقدا، بڕیاری دامەزراندنی فراکسیونی چەپ لە ناو حزبدا بەرجەستە کردنی مەیلی چەپە لە ناو حزب و بزووتنەوەی کریکاری و کۆمەڵگادا بەگشتی .

## ناوی دامەزرێنەرانی فراکسێونی چەپ

خبات مجید ئەندامی کۆمیتەی کەنەدا و مەسئوولی کەمپین

سمیر نوری سکرتیری کۆمیتەی کەنەدا

عصام شکری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ،مەسئوولی ریکخراوی دیفاع لە عیلمانیەت لە کۆمەلگای عیراق دا، سەرنووسەری گۆڤاری سکویلار

صباح ئیبراهیم ئەندامی کۆمیتەی کەنەدا،مەسئوولی هونەری سایتی حزب بەشی عەرەبی و ئینگلیزی،بەریوەبەری هونەری رۆژنامەی" الی امام"ی ئینگلیزی ، مەسئوولی میدیا سنتر و سایتی ریکخراوی ئازادی ژن،بەریوەبەری گۆڤاری سکۆیلار

مریم جمیل ئەندامی کۆمیتەی کەنەدا، مەسئوولی مالی

کاوە عمر ئەندامی حزب

خەیال ئیبراهیم ئەندامی کۆمیتەی کەنەدا،مونەسقی رێکخراوی ئازادی ژن لە کەنەدا

**دلسۆز نوری ئەندامی حزب**

**بژاری شاعیر ئەندامی حزب**

**سەرگول ئەحمەد ئەندامی حزب**

**محمد حسن ئەندامی کۆمیتەی کەنەدا**

**حسن گومبی ئەندامی حزب**

**ستار حمەعەلی ئەندامی حزب، مەسئوولی فیدراسیۆنی پەنابەران لە ئەڵمانیا**

**بیگەرد وەهاب ئەندامی حزب**

**ماریا گومبی ئەندامی حزب**

**محمد غفور شریف ئەندامی حزب**

**جلیل شهباز ئەندامی حزب**

**نورالدین عبدالقادر ئەندامی حزب**

**سویله حسن ئەندامی حزب**

**زاهر نوری ئەندامی حزب**

**ئاوات حامد ئەندامی حزب**

**ناسك حسین ئەندامی حزب**

**محمود حمد ئەندامی حزب**

**مستفی عەرەب ئەندامی حزب**

**ئازاد عبدالقادر(شوکت) ئەندامی حزب**

**حمید خلف البصری ئەندامی حزب**

**عبدالکریم عبدالباصت ئەندامی حزب**

**ئاری ئەحمەد ئەندامی حزب**

**ئەردەڵان عبدالله ئەندامی حزب**

**سردار عبدالله ئەندامی حزب**

شلێر شەریف                ئەندامی حزب

# بژیٚ جمهوری سۆشیالستی
# بژیٚ‌منسور حکمت

## فراکسیونی چەپ
## لە ناو حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراقدا

**25 ئەیلول2004**